Kirkuk University Journal: Humanity Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

# Self-learning and its relationship with the level of using Artificial Intelligence among students of Koya University

**shireen saed karim**

shireen.kareem@epu.edu.iq

**bahat Abdulrazaq saed**

bahat.betushy@koyauniversity.org

**shamol ashen saber**

Shamoll.ashti@koyauniversity.org

**Abstract**

This research aims to identify the level of self-learning among university students, as well as the level of their use of artificial intelligence, and to determine the relationship between self-learning and the use of artificial intelligence for the academic year (2025), according to some demographic variables such as (gender, place of residence, and academic stage).

The researchers adopted the descriptive correlational approach. The research population consisted of students from Koya University, totaling (4,739) students. The research sample consisted of (450) students from different departments and colleges of the university, selected through an appropriate stratified random sampling method from both genders.

A self-learning and artificial intelligence scale was used within a questionnaire consisting of (36) items, adapted from the source (Mohammed Abu Muqaddam, 2024). After extracting multiple types of validity, the reliability of the scale was calculated. After ensuring its readiness, the researchers distributed the questionnaires to the research sample and implemented them.After collecting the questionnaires and analyzing the data using some statistical methods through SPSS, the research results concluded the

following: There were no statistically significant differences in the level of self-learning according to the gender variable. There were no statistically significant differences in the level of artificial intelligence use according to gender (male and female). There were no statistically significant differences according to the variables of place of residence and academic stage. There was a statistically significant relationship between self-learning and the use of artificial intelligence. At the conclusion of the research, the researchers reached a set of conclusions and recommendations directed to the relevant authorities, in addition to suggestions for similar future studies.

**Keywords**: Self-learning, Artificial Intelligence, University Students, Higher Education.

## التعلم الذاتي و علاقته بمستوى استخدام الذكاء الاصطناعي لدى طلبة جامعة كوية

**شيرين سعيد كريم**[١]، shireen.kareem@epu.edu.iq

**بەهات عبدالرزاق سعيد**، bahat.betushy@koyauniversity.org

**شمول اشين صابر**، Shamoll.ashti@koyauniversity.org

**ملخص بحث:**

يهدف هذا البحث لمعرفة مستوى التعلم الذاتي لدى طلبة الجامعة،وكذلك معرفة مستوى استخدام الذكاء الاصطناعي لديهم، ومعرفة العلاقة بين التعلم الذاتي واستخدام الذكاء الاصطناعي للعام الدراسي (٢٠٢٥) وفقا لبعض المتغيرات الديموغرافية مثل (الجنس،مكان السكن، المرحلة الدراسية) اعتمد الباحثون على المنهج الوصفي الارتباطي، حيث تكون مجتمع البحث من طلبة جامعة كوية والبالغ عددهم (٤٧٣٩)طلبة، اما عينة البحث فقد تكونت من (٤٥٠) طلبة من مختلف اقسام الكليات في الجامعة،تم اختيارهم بطريقة عشوائية طبقية مناسبة من كلا الجنسين. تم استخدام مقياس التعلم الذاتي والذكاء الاصطناعي ضمن استبانة مكونة من (٣٦) فقرة،مقتبسة من مصدر (محمد أبو مقدم،٢٠٢٤) وبعد استخراج أنواع متعددة من الصدق ، تم حساب الثبات للمقياس ، وبعد التأكد من جاهزيته، قام

مامۆستا،ماستەر،زانكۆی پۆلتەكنیكی هەولیر
پرۆفیسۆری یاریدەدەر،دكتورا،بەشی پەروەردەودەرونزانی فاكەڵتی پەروەردە زانكۆی كۆی
مامۆستای یاریدەدەر،ماستەر،بەشی دەرونزانی زانكۆی كۆیە

الباحثون بتوزيع الاستبانات على عينة البحث وتم تنفيذها. وبعد استرجاع الاستبانات وتحليل البيانات باستخدام بعض الأساليب الإحصائية عبر برنامج SPSS توصلت نتائج البحث الى مايلي: عدم وجود فروق ذات دلالة إحصائية في مستوى التعلم الذاتي تبعا لمتغير الجنس. عدم وجود فروق ذات دلالة إحصائية في مستوى استخدام الذكاء الاصطناعي تبعا للجنس (الذكور واناث) عدم وجود فروق ذات دلالة إحصائية تبعا لمتغيري مكان السكن والمرحلة الدراسية. وجود علاقة ذات دلالة إحصائية بين التعلم الذاتي واستخدام الذكاء الاصطناعي . وفي ختام البحث، توصل الباحثون إلى مجموعة من الاستنتاجات والتوصيات الموجهة للجهات ذات العلاقة، إضافة إلى اقتراحات لدراسات مستقبلية مشابهة

الكلمات المفتاحية: التعلم الذاتي، الذكاء الاصطناعي، طلبة الجامعة، التعليم الجامعي.

## فێربوونی خودی وپەیوەندی بە ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردلای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە

شیرین سعید کریم،shireen.kareem@epu.edu.iq

بەهات عبد الرزاق سعيد،bahat.betushy@koyauniversity.org

شەمۆڵ ئاشین صابر،Shamoll.ashti@koyauniversity.org

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ئاستی فێربوونی خودی لای خوێندکارانی زانکۆبەگویرەی رەگەزو شوینی نیشتەجیبون و قوناغی خویندن هەروەها زانینی ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لای خوێندکارانی زانکۆبەگویرەی رەگەزو شوینی نیشتەجیبون و قوناغی خویندن و زانینی پەیوەندی فێربوونی خودی بە بەکارهێنانی ئاستی زیرەکی دەستکرد بۆ سالی خوێندنی (٢٠٢٥) بە گوێرەی هەندی لە گۆراوی دیمۆگرافی وەک ( رەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون ، قۆناغ ) توێژەران پشتیان بەستووە بە رێبازی وەسفی(پەیوەندی) کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە ژمارەیان (٤٧٣٩) خویندکار بوو نموونەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (٤٥٠) خوێندکار لە بەشە جیاوازەکانی فاکەڵتیەکان لە زانکۆی کۆیە کە بەشێوەی هەرەمەکی چینی گونجاو هەڵبژێردران لەهەردوو رەگەز،بۆ پێوانەی فێربوونی خودی و زیرەکی دەستکرد، کە پێکهاتبوولە فۆرمێکی راپرسی لە (٣٦) برگە کە لە سەرچاوەی(ابو مقدم ،٢٠٢٤) وەرگیرا، دوای دەرهێنانی چەن جۆرێک لە راستگۆیی و جێگیریی بۆ پێوانەکە دوای ئامادە بوونی پێوانەکە توێژەران فۆرمەکان دابەشکرد بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا، پاش گەرانەوەی فۆرمەکان و شیکردنەوەی داتاکان بە سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەی ئاماری و بەرنامەی (spss) ، دەرکەوت کە ئاستی فێربوونی خودی بە گوێرەی رەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خویندن بەڵگەدارنەبوو، هەروەها لە زانینی ئاستی زیرەکی دەستکرد بە گوێرەی هەردوو

رەگەزی نێرو مێ بەڵگەداری ئاماری نەبوو، لە زانینی ئاستی زیرەکی دەستکرد بە گوێرەی شوێنینی شتەجێبوون و قۆناغی خویندن بەڵگەدارنەبوو، هەروەها لە زانینی ئاستی فێربوونی خودی و پەیوەندی بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بەڵگەداری ئاماری بوو،لەکۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەران گەیشتن بەکۆمەڵێك دەرئەجام و پێشنیار، بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە و توێژینەوە هاوشێوەکانی دواتر.

کلیلە ووشەکان : فێربوونی خودی ،زیرەکی دەستکرد ،خوێندکارانی زانکۆ ،خوێندنی زانکۆ

## پیشەکی:

پەروەردە پراکتیزەکردنی بیروهزری پەرەوەردەییانەیە کەلەسەرچاوەیەکی فەلسەفەیەوە هەڵقولاوە،پەروەردە پرۆسەیەکە یارمەتی مرۆڤەکان دەدات لە پەرەپێدانی کارامەیی لە بیرکردنەوە و هەستکردن و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تردا، ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی چالاک لە کۆمەڵگادا. هەروەها پەروەردە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی خوێندکاران و بینینی جیهان و تێگەیشتن لە ئەزموونەکانیان هەیە، هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان دەڵێن کە پەروەردە پێویستە لەو سنورە دەرچێت کە خوێندکار بەس زانیاریەکان لەبەرکات؛ بەڵکو پێویستە پەروەردە هاندەری بیرکردنەوەی قووڵ و ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە بێت، کە یارمەتی خوێندکاران دەدات باشتر تێبگەن و وەک تاک زیاتر گەشە بکەن(حمدامین،٢٠١٤: ١٠). هەموو ئاراستە پەروەردەییەکان دڵنیایی دەدەن لەسەر گرنگی فێربوونی خودی کە پرۆسەیەکی کردارییە وگرنگی بە بابەتی خوێنراو دەدات و گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ خوێندکاران بەپێی حەزو ئارەزوو ئامادەکاری و تواناکانی دەبێت، هەروەها ڕۆڵی مامۆستاش لەم جۆرە فێربوونەدا ڕێنماییکارو ڕێنیشاندەر.

**کێشەی توێژینەوەکە :** خوێندنی زانکۆیی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی فێربوون کە ئامانجی پێگەیاندنی تاکێک ئاراستەکراوبێت بۆ ژیان و داهاتوو، کە خوێندکار تێیدا پەرە بە هەموو توانای کەسایەتی و مەعریفی و رەفتاری دەدات لەرێگای چەندین ئەزموون و شارەزایی تیۆری و پراکتیکی جۆراوجۆردا،بۆیە فێربوونی خودی یەکێکە لەو رێگایانەی کە بەشدارە لە فێربوون و دەستپێشخەری بۆ بەدەستهێنانی لایەنی زانستی و ئەکادیمی،رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە رێکخستن، بەردەوام بوون، بەدواداچوون و گەیشتن بە ئامانجەکان، بۆیە توێژەران وەک مامۆستای میلاک لە زانکۆدا وئەزموونی چەندین سالەی وانەوتنەوەیان لەبەشەکانی فاکەلتی پەروەردە بەتایبەت بەشی پەروەردەودەرونزانی و وتنەوەی وانە پەروەردەییەکان لە هەر شەش بەشەکانی فاکەلتی پەروەردەو بەرکەوتەیان لەگەڵ زۆرترین خوێندکاران و گفتووگۆی راستەخۆ لەگەڵیاندا, تیبینیکردنی خویندکاران هەستیان کرد کە خوێندکاران بە گشتی زۆر هەوڵی فێربوون و حەز بە فێربوون ناکەن بە دواداچوون و بە دەم داواکاری و ئەرکەکانیان ناچن زۆرتر پشت دەبەستن بە بەکارهینانی موبایل و لەریگای ئەپەکانەوە زانیاریان دەست بکەویت،تویژەران چاوپیکەوتنیان لەگەل کۆمەلیک خویندکاری قۆناغە جیاوازەکانی بەشەکانی فاکەلتی پەروەردە و کۆمەڵێک خویندکارو مامۆستایانی سەرجەم فاکەڵتیەجیاوازەکانی زانکۆ بەهەردووبەشە زانستی و مرۆییەکانەوە ئەنجامدا سەرنج و تیبینی ئەوەیانکرد کە خویندکاران بە گشتی بۆ ئەرک و چالاکیەکانی بابەتەکان زیاتر پشت بە تەکنەلوجیاو زیرەکی دەستکرد دەبەستن هەربۆیە پیویستە لەریگای سوود وەرگرتن لە تەکنەلوجیاو زیرەکی دەستکردەوە بتوانین ریگایەکی زانستی بە خویندکاران ئاشنابکەین کە چون فیربوونی خودی خۆیان بەهیزبکەن و هەست بەبەرپرسیاریەتی و تیگەشتن و بەدەستهینانی زانیارییەکان لە ریگای خودی خویانەوە بیت

و متمانەی خودی بۆ تواناکانیان بەدەست بهینن ، لەئێستادا سەردەمی پێشکەوتووی تەکنەلۆجیایە کە زۆر ئاسانکاری کردوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیان، بەتایبەت پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، ڕێگای فێربوونی دەتوانیت خویندکار بەربرسیاریەتی گەورە هەلبگرێت بەجۆریک توانای زۆری لەسەر دۆزینەوەو شیکردنەوەو پیکهینان و بەدەستهینانی کارامەیی فیربوونی ئاست بەرز هەبیت، لەم سەردەمەدا هەبوونی زیرەکی دەستکرد دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت کە ڕیگایەکی ئاسان و بەردەستە بۆ خوێندکار بتوانێت زانیاریەکان بەئامادەکراوی وەربگرێت. بۆیە خوێندکاران پشت بۆ خۆیان نابەستن و هەولی فێربوون نادەن و گەران بە دوای زانیاریەکان ئەنجام نادەن بەڵکو بە ئاسانی کۆی گشتی زانیارییەکان لە زیرەکی دەستکردەوە وەردەگرن ،هەروەک توێژینەوەی (رزاق،٢٠٢٣) گرنگی فێربوونی خودی لەوەدایە کە وا لە خویندکار دەکات ببێتە چەقی پرۆسەی فێرکردن، هەروەها ببێتە توخمێکی چالاک یان کارا کە چاوەڕێی گەیشتنی زانیاری وزانستەکان نەکات بۆی، بەڵکو خودی خۆی هەوڵی بەدەستهێنانییان دەدات لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەی ئەنجامیان دەدات وئەو ئەزموونە پێشووتر کەپێشتی پێ دەبەستێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مەعریفی ئەو زانیاریانەی وەریان دەگرێت چارەسەرییان بکات و ئەوەی پێویست وگونجاوە پوختەیان بکات، ئەمانە و چەندین هۆکاریتر وایکرد کە توێژەران پرسیار بکەن:-

١-ئایا لە سەردەمەی ئێستادا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو و هەبوونی زیرەکی دەستکرد رۆڵی کەسایەتی و ئەکادیمی خوێندکاران لە چ ئاستێکدایە ؟

٢- ئایا فێربوونی خودی پەیوەندی بە ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد هەیە لای خوێندکاران ؟

**گرنگی توێژینەوەکە :**سروشتی خوێندکاران لە سەدەی بیست ویەک ئەوە پێویست دەکات کە زانیاری بەدەستبهێنێت بەبێ ئەوەی سنوورێک بۆ کات و شوێن هەبێت لەگەڵ فێربوونی خودی بەدرێژایی ژیان، فێربوون پرۆسەیەکی بەردەوامە و زانیارییەکانیش لە نوێبوونەوەی بەردەوام دان، بۆیە پێویستی گەشەپێدانی توانای خوێندکاران بۆ فێربوون لە دامەزراوە فێرکارییەکان وفێربوونی خودی زیاتر زەق بووەتەوە، چەمکی فێربوونی خودی لەلای خوێندکارانی ئێستا بەوە وەسف دەکرێت کە بریتییە لەو حاڵەتە فێرکارییانەی کە تیایدا ئەوە پێشبینی دەکرێت کە خویندکاران بەرپرسیارییەتی دیاریکردنی ئامانجەکان هەڵبگرن لەگەڵ پێکهاتن وگونجانێک دەربارەی ئەو ئامانجانە، لەگەڵ دانان وجێبەجێکردنی چالاکییەکانی فێربوونی تایبەت بەخۆیان. (حمید،٢٠١٤: ٤). گرنگی فێربوونی خودی لەوەدایە کە وا لە خویندکار دەکات ببێتە چەقی پرۆسەی فێرکردن، (Knozles) یش کە لە توێژینەوەی (Hassane,1981)دا هاتووە ئامەژە بەوە دەکات کە فێربوونی خودی بریتییە لەو فێربوونەی خودئاڕاستەکراوە، کە شێوازێکە تیایدا خویندکار دەستپێشخەری دەکات بە یارمەتی یان بێ یارمەتی کەسانی تر، ئەمەش لە میانەی دیاریکردنی پێداویستییەکانی فێربوونی تایبەت بەخۆی وداڕشتنی ئەو ئامانجانەی کە سەرچاوە مادییەکانی فێربوون دەیانەوێت بەدەستییان بهێنێت، لەگەڵ هەلبژاردن وجێبەجێکردنی ستراتیژییە گونجاوەکانی فێربوون، کۆنفڕانسی نێودەوڵەتی دەربارەی ( ژیری دەستکرد و فێرکرد) کە لە پەکین بەسترا لە ماوەی نێوان ١٦-١٨ ئایاری ساڵی ٢٠١٩، کە بەو دەرەنجامە کۆتایی هات کە جەختی کردەوە لەسەر بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە فێرکردن دا بۆ زیادکردنی زیرەکی مرۆیی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ وبەهێزکردنی گەشەپێدانی بەردەوام بەهۆی هاوکاری کارای نێوان مرۆڤ و ئامێر لە ژیان دا، دەکرێت گرنگی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١-کارکردن لەسەر بابەتێکی هاوچەرخ و سەردەمیانە ،ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگ و نوێ لەبواری پەروەردەدا لەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ بواری فێربوون.

٢-دەتوانرێت لەرێگای فێربوونی خودیدا خویندکاران سوودمەندبن لە بەرنامەکانی تەکنەلوجیا و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بەشێوەی دروست.

٣- گەشەپێدان بۆ بەرنامەی فێربوونی خودی لەلایەن مامۆستایان بۆئەوەی بتوانن خویندکاران لەو ریگەیەوە هانبدەن بۆ دەست گەیشتن بە زانیاری و معریفەی نوێ وریکخستنی بابەتی فێربوون و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

**١-**زانینی ئاستی فێربوونی خودی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بەگوێرەی رەگەز وشوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خوێندن.

٢- زانینی ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بەگوێرەی رەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خوێندن.

٣- زانینی پەیوەندی نیوان فێربوونی خودی و ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە.

**سنوورەکانی توێژینەوەکە:** خوێندکارانی فاکەڵتیەکانی زانکۆی کۆیە بۆ سالی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ زانکۆی کۆیە.

**پێناسەی چەمک و زاراوەکان:**

## یەکەم : فێربوونی خودی (self learning)

**١- :پێناسەی علی، ٢٠١١ :**بریتییە لەو فێربوونەی کە پشت دەبەستێت بەبەدەستهێنانی دەرەنجامەکانی فێربوون بەشێوەیەکی خوودی، هەروەها پشت دەبەستێت بە چالاکی خودی و لەرێگای بەکارهێنانی هۆکارە فێربوونییەکان وەک پەرتووک، فیلم، وێنەی ڕوونکراوەیی.(علی،٢٠١١: ٧٣)

**٢-پێناسەی تیۆری توێژەران:** فێربوونی خودی: شێوازێکە کە خوێندکار ئەنجامی دەدات بە شێوەی تاکانە بەبێ یارمەتی مامۆستا بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و کارامەیی لە ڕێگای خۆیەوە بەبەکارهێنانی هۆکاری فێرکاری بەگوێرەی کات و خێرایی فێربوون و توانا خودییەکانی خۆی.

**٣-پێناسەی ڕێککاری بۆفێربوونی خودی :** بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دوای وەڵامدانەوەیان بۆ پوانەی فێربوونی خوودی بە دەستیدەهێنن، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکاریدەهێنێت.

## دووەم : زیرەکی دەستکرد Artificial intelligence

**١-پيناسەی زروفی ٢٠٢٠ :** زیرەکی دەستکرد تایبەتمەندی نواندنی مەعریفی هەیە، بەشێوەیەک کە سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد داتابەیسی زەبەلاحیان لە مەعریفە هەیە، کە توانستییان زیاتر وبەرزتر دەکات بۆ بەیەکەوە بەستنی کێشەکان ودەرەنجامەکان، لەپاڵ توانای جیاکردنەوە لەنێوان بەکارخستنی مەعریفە ودیاریکردنی ئالنگارییەکانی کە ڕێگرن لە سەرکەوتنی دەرەنجامەکان وهەڵەکانی چارەسەرە زیرەکەکان، لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو ڕاستییانە لە باشترین شێوە ( زروفی،٢٠٢٠: ٣٢).

### ٢-پێناسەی تیۆری توێژەران:

توێژەران بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی زیرەکی دەستکرد دەکات: هۆکارێکی سەرەکی و ئاسان و بەردەستە بۆ خوێندکاران کە بتوانن زۆرترین زانیاری بەدەستبهێنن و سوود لە مەعریفەی زیرەکی دەستکرد وەربگرن لە هەموو بوارە ئەکادیمییەکانیاندا.

## بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر

### تەوەری یەکەم: فێربوونی خودی

هەریەک لە الأسطل والأغا (١٨:٢٠٢١) بەوە باسی دەکەن کە بریتییە لە بەرەوپێشبردنی ئەو لێهاتووییە سەربەخۆیانەی لەلای خویندکار هەیە لە میکانیزمی بەدەستهێنانی مەعریفە، هەروەها وای لێبکات ئەو لێهاتوویانە بەکاربهێنێت، لەگەڵ زیادکردنی توانای تێگەیشتنی لە ژینگەی دەروبەری و وەڵامدانەوەی بۆ ئەو ژینگەیە بە بەدەستهێنانی لێهاتوویی تازە کە لەگەڵ سەردەم ڕێبکەن، هەروەها چاودێریکردنی ئەدای خۆیی و هەڵسەنگاندنی خودی خۆی بۆ مەعریفەیەک کە بەهۆی فێربوونێکەوە بەدەستی هێناوە. هەروەها بەوەش پێناسەی دەکەن فیربوونی خودی بریتییە لە چالاکی فێرکاری کە خویندکار ئەنجامی دەدات بەگوێرەی ویستی خودی خۆی بەمەبەستی گەشەپێدانی ئامادەباشی وتواناکانی وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ حەزەکانی وگرنگیپێدانەکانی بەشێوەیەک کە گەشەپێدان وکەسایەتی وتەواوکاری کەسایەتی بهێنێتە دی، هەروەها کارلێکی سەرکەوتوو لەگەڵ کۆمەڵگایەکی لە ڕێگەی پشتبەستن بەخۆی ومتمانەکردن بە تواناکانی لە پرۆسەی فێرکردن وفێربوونیش دەهێنێتە دی، کە تیایدا خویندکار فێردەکەین چۆن فێر ببێت ولەکوێ سەرچاوەکانی فێربوون بەدەست بهێنێت.

### گرنگی فێربوونی خودی:

**بەرەوپێشبردنی لێهاتووییەکانی فێربوونی کارا:** ئەمەش لەمیانەی بەرەوپێشبردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، وشیکردنەوە، وچارەسەری کێشەکان، بەشێوەیەک کە خوێندکار زیاتر چالاک دەبێت لە وەرگرتنی چەمکە نوێیەکان وتێگەیشتن لێیان، هەروەها گۆڕینی ئەم چەمکانە بۆ زانیاری ڕاستەقینە لەلای خوێندکاران .

**هاندانی زانینخوازی ودۆزینەوە:** بەشێوەیەک فێربوونی خودی هانی کردنەوەی ئاسۆی زانینخوازی و دۆزینەوە دەدات لەلای ئەو خوێندکارانەی بە خودی فێردەبن، بۆیە وایان لێدەکات کە زیاتر ئامادە باش بن بۆ دۆزینەوەی بابەتی نوێ لەدەرەوەی پرۆگرامی فەرمی خوێندن.

**سەربەخۆیی وڕێکخستنی کات :** بەشێوەیەک کە فێربوونی خودی توانای خوێندکار بۆ کۆنترۆڵکردنی کاتەکانی بەشێوەیەکی کارا بەرز دەکاتەوە، بەجۆرێک کە ئەم لێهاتووییە لە داهاتوودا لە ژیانی داهاتوویان بەدەردەکەوێت.

هاندانی فێربوون بە درێژایی ژیان: بەجۆرێک کە فێربوونی خودی دەتوانێت لێهاتوویی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی مەعریفی وتەکنەلۆژیا بە خوێندکاران ببەخشێت، هەروەها بەکارهێنانی ئەم لێهاتووییانە لە هەرکاتێک وشوێنێک کە بۆیان بڕەخسێت.

**بەرزکردنەوەی لێهاتووییەکانی توێژینەوە ولێکۆڵینەوە:** ئەمەش لەمیانەی ئەوەی کە فێربوونی خودی توانای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە وکۆکردنەوەی زانیارییەکانی لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان هەیە، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی لێهاتوویەکانی لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەی ورد لەلایەن خوێندکاران. **باشترکردنی پەیوەندی وکارلێککردن:** ئەمەش بەڕێگەی بەرززکردنەوەی لێهاتوویی کارلێککردن لەگەڵ زانیارییەکانی کە خوێندکار بەدەستییان دەهێنێت بەهۆی توێژینەوەی وردەوە، کە وای لێدەکات ئەم زانیارییانە لەگەڵ هاوپۆلەکانی ئاڵوگۆڕ پێبکات ولێهاتوویی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکار و چواردەوری کۆمەڵایەتی کە دەوری داوە بەرزبکاتەوە (قوطة، ٢٠٢١)

## شێوازە نوێیەکانی فێربوونی خودی

**فێربوونی خودی بەرنامەکراو:** یەکێکە لە شێوازەکانی فێربوونی نوێ، پشت دەبەستێت بە بەرنامەیەکی ئامادەکراو بەشێوازێکی تایبەت کە ڕێگە دەدات بە دابەشکردنی زانیارییەکان بۆ بەشی بچووک بچووک؛ هەروەها ڕێکخستنی ئەو بەشانە لۆژیکییانە بەشێوەیەک کە خوێندکاران وەڵامدانەوەیان بەشێوەیەکی وردە وردە بۆیان هەبێت، هەروەها لە دروستی وەڵامدانەوەکە دڵنیا دەبێتەوە تا دەگاتە ئامانجی ویستراوی کۆتایی بۆ بەدەستهێنانی، وەک فێربوونی خودی بە پاکێج و جانتای فێرکاری، کە بەرنامەیەکی تۆکمە داڕێژاوە و کۆمەڵێک چالاکی کە یارمەتی خوێندکاران دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی بۆ فێربوونی خودی تێدایە، کە وا لە خێندکاران دەکات کارلێک بکەن لەگەڵ ناوەڕۆکی جانتا وپاکێجەکان بە گوێرەی توانایان بۆ ئەوەی ڕێچکەیەکی دیاریکراو پەیڕەو بکەن لە فێرکردن، هەروەها ئەو پاکێجانە چەندین بابەتی فێرکاری ڕێکخراو وچاپکراو ووێنەدار دەگرنە خۆیان(الحناوی،٢٠١٢: ١٩).

**جۆرەکانی فێربوونی خودی: خوێندنەوەی خودی (Self-Reading):** ئەم جۆرە بەکارهێنانی سەرچاوەکان وپەرتووکەکان وتارەکان بە خوێندنەوەیان دەگرێتەوە، لەگەڵ توانای تێگەیشتن لە دەقەکان؛ تێگەیشتنێکی خودی بە ئامانجی زیادکردنی زانیاری.

**فێربوونی ئۆنلاین(Online Learning) :** کە خوێندکار ئەنتەرنێت وەک ئامرازێکی بنەرەتی بۆ گەیشتن بە زانیاری بەکاردەهێنێت، لە میانەی بەکارهێنانی سایتە ئەلیکترۆنییەکان وسەرچاوە کراوەکان.

**فێربوون بە ئەزموون(Experiential Learning) :** ئەم جۆرە لە فێربوونی خودی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری لە ڕێگەی تاقیکردنەوە زانستییەکان و کارلێک لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر دەگرێتە خۆی. **فێربوون بە ڕێگەی ڕاهێنانی خودی (Self Training)** ئەم جۆرە بەکارهێنانی سەرچاوە جیاوازەکان دەگرێتەوە وەک ڤیدیۆ

فێرکارییەکان و بەرنامە فێرکارییەکان، بۆ بەرەوپێشبردنی لێهاتوویيە هونەرییەکان یان زمانەوانییەکان یان هەر بوارێکی تر ( شنین،٢٠١٦: ١٥).

## تیۆری کارل رۆجرزبۆ فێربوونی خوودی:

کارول روجرز (Carl Rogers,1992 ) بەدامەزرێنەری تیۆری خود دادەنرێت و ئەو پێی وایە کە نزیکترین رێگا بۆ گەیشتن بە تیۆرەکەی کارلێککردنە لەنێوان رێنمایی کارو رێنمایی خواز،و چەمکی خود بەدڵی تیۆرەکەی دادەنرێت،و پێی دەوترێت خودی تاک ، هەروەها چەمکی خود لە دەرونزانی نوێدا دوولایەن لەخۆ دەگرێت:

١-خود وەک بابەت: هەست و ئاراستەو مەیل و هەڵسەنگاندنی خودی وەک بابەت دەگرێتەوە.

٢-خود وەک کردار : پێکدێت لە کۆمەڵە کردارێکی وەک بیرکردنەوەو هەستکردن و بەیادهاتنەوە. پێکهاتە بنەڕەتیەکانی ئەم تیۆرە لە دەرئەنجامی کارلێکردنێکی بەردەوام کە هەمیشە لە گۆڕاندایە.

**تەوەری دووەم: زیرەکی دەستکرد:** زیرەکی دەستکرد رۆڵێکی دیار وگرنگ و بەرچاوی هەیە لە بەرەوپێشبردنی گشت بوارە جیاوازەکانی ژیان، ئەمەش لە میانەی کارکردن بە لێهاتوویی بەرز وزیاتر هاوئاهەنگ لەگەڵ مرۆڤ دا، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی تەکنەلۆژی لە فێرکردن باسی ئەوەی کردووە کە گرنگیی زیرەکی دەستکرد لەچەند بابەتێک دەردەکەوێت، وەک: **تەرخانکردنی فێرکردن:** زیرەکی دەستکرد ئەزموونی فێربوونی تاکی بۆ خوێندکاران بەبەکارهێنانی نموونەکانی فێربوونی ئۆتۆماتیکی فەراهەم دەکات، هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی رەوشتی خوێندکار وتێگەیشتن لە پێویستییە فێرکارییەکانی، ئەمەش رێگە بە تەرخانکردنی ناوەرۆک وفەراهەمکردنی تەکنەلۆژیایە فێرکارییەکان دەدات کە خزمەتی ئەو بوارە دەکەن کە خوێنکارەکە حەزی پێیەتی.

**دابینکردنی سەرچاوە فێرکارییەکان :** بەشێوەیەک کە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت رێژەیەکی بەرفراوان لە داتا شیبکاتەوە بۆ دیاریکردنی باشترین سەرچاوە فێرکارییەکان، ئەمەش بەهۆی کۆگایەکی گەورە کە تیایدا داتای گەورەی تێدایە و بۆ خوێندکاران فەراهەمیان دەکات، ئەمەش هاریکارە لە باشترکردنی کوالێتی فێربوون. **بەهێزکردنی کارلێککردن:** بەشێوەیەک کە زیرەکی دەستکرد کارلێکێکی داینامیکی لەگەڵ خوێندکاران دروست دەکات بەرێگەی گفتوگۆ(چاتە) زیرەکەکانەوە، یان رووکارە کارلێکەکانەوە، ئەمەش هاریکارە بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون زیاتر سەرنج راکێش و کاراتر بێت ( ربیع،٢٠٢٤: ٦) **گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوە:** ئەمەش لە میانەی تەکنەلۆژیا زیرەکەکانەوە بەشێوەیەک کە پاڵپشتی گەشەکردنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە دەدات، لەگەڵ چارەسەری کێشەکان لە میانەی ئالنگارییە فێرکارییەکانی کە گونجاو بن بۆ ئاستی هەر خوێندکارێک. **بەدیهێنانی یەکسانی:** ئەمەش لە میانەی فەراهەمکردنی هەلەکانی فێربوون وفێرکردن بۆ گشت خوێندکاران لە ژینگە جیاوازەکان دا، لەگەڵ رەچاوکردنی گشت ئاستە عەقڵی وومرگرتنییەکانیان، هەروەها پێشکەشکردنی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەک کە خزمەتی چینی خاوەن پێداویستنیە تایبەتەکان بکات ( الشامی،٢٠٢١: ٢٦)

### ئەوتەکنەلۆجیایانەی کەپشت دەبەستن بە زیرەکی دەستکرد:

بەهۆی بەرەوپێشچوونی لەرادەبەدەری زیرەکی دەستکرد، هەروەها سەرهەڵدانی ئاڵنگاری گەورە لە بواری ئەکادیمی دا بەتایبەت دوای پەتای کۆرۆنا، لەگەڵ ئەو گۆڕانە بەرچاوەی لە رێچکەی پرۆسەی فێرکاری سەری

هەڵدا، جیهان بوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی بەخۆیەوە بینی کە بەکارهێنەری زۆریان لە ماوەی چەند مانگێکی کەم بۆ پەیدا بوو ، لە دیارترین ئەو تەکنەلۆژیانەش کە پشتبەستووە بە زیرەکی دەستکرد بریتییە لە ( Chat GPT)، ئەم تەکنەلۆژیایانە چەمکی زیرەکی دەستکردیان لە چەمکێکی ڕووتەوە گۆڕی بۆ چەمکێکی بەرجەستە کە خۆی دەبینێتەوە لە بۆتێکی گفتووگۆی قسەکەر، توانای وەڵامدانەوە وکارلێکی خێرای سەرسوڕهێنەری هەیە لە بوارە جیاوازەکان دا لەگەڵ بەکارهێنەر، ئەم ئەپلیکەیشنە بە شۆڕشێکی تەکنەلۆژی دادەنرێت کە توانیویەتی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن لە جیهاندا دروست بکات ( Aljanabi 2023).

ئەپلیکەیشنی Chat GPT بە ئامرازێکی زیرەکی دەستکرد دادەنرێت کە کۆمپانیای (Open AI)ی ئەمەریکی لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ دروستی کردووە، کە کورتکراوەی Generative pre-trained chat (transformer )ـە، واتە بگۆڕەکانی چاتی بەرهەمهێنەری ئەلیکترۆنی، کە سیستەمی بەرهەمهێنانی دەقەکانە، نمونەیەکی چارەسەرییە بۆ زمانێکی سروشتی، بە شێوەیەک پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئامێر دەنوێنێت، توانایەکی بەرزی بۆ تێگەیشتن لە دەقی ڕستەی بەکارهێنەر هەیە ودەکرێت بەکاربهێندرێت لە گشت بوارەکان، جا فێرکردن یان تەندروستی، یان خزمەتگوزاری ڕاژەی بەشداربووان بێت (Lund. 2023 ).

**ئەو تیۆرانەی کە زیرەکی دەستکردیان ڕوونکردۆتەوە:** بایۆنج کۆمەڵە تیۆرو گریمانەیەکیان ڕوونکردۆتەوە بۆ زیرەکی دەستکرد لەوانە: Byeong، 1016

١-ئامرازەکانی ئەژمێر کردن و زیرەکی -یاسای تورینج: ئەو یاسایە ئەو گریمانەیە ڕووندەکاتەوە کە دەڵێت " ئامرازەکان وەک مرۆڤەکان کاردەکەن ، زیرەکیەکەشی هەروەک زیرەکی مرۆڤە " ئەم تیۆرە سوودی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر زیرەکی ئامرازەکە لەسەر بنەمای ئەنجامدانەکەی، واتا ئەم تیۆرە بەبنەمای سەرەکی دادەنرێت لەتاقیکردنەوەکەی تورینج. ٢-تێزەکەی دارتموث: دەکرێت وەسفی هەموو یان چەند لایەنێکی پرۆسەی فێربوون بکەین وەک دیاردەی ووردی زیرەکی و واڵە مرۆڤ دەکات کە دیزاینی ئامرازێک بکات کەقسەی لەگەڵدا بکات ئەوەش هەڵوێستی زۆرینەی توێژەرانە لەبواری زیرەکی دەستکرد. ٣-گریمانەی سیستەمی نوێل و سیمۆن بۆ نیشانە مادیەکان: ئەو گریمانەیە پێی وایە کە گەوهەری زیرەکی ئەوەیە کە بتوانێت چارەسەری نیشانەکان بکات، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە (بیردریفوس) پێی وایە شارەزایی مرۆیی بەشێوەی غریزەیی یان بەشێوەی ناهۆشیارانە پێک دێت و پشت بە یاریکردن بە نیشانەکان بەهۆشیارانە نابەستێ چونکە ئەو پێی وایە مرۆڤ پێویستە هەست هەبێت بە هەڵوێستەکان بکات هەتاکو ئەگەر هیچ زانیاریەکی لەسەر نیشانەکان نەبێت.

## توێژینەوەی فلیت ٢٠١٨ (لیهاتوییە پیویستیەکانی فێربوونی خودی لای خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی فەلەستین لە غەزە)

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوبوو کە لێهاتوویە پێویستەکانی فێربوونی خودی لای خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی فەلەستین لە غەزە دیاری بکات، لەگەڵ پلە وئاستی ئەنجامدانیان بۆ ئەو لێلهاتوویانە، توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، بەشێوەیەک کە لێهاتوویەکانی فێربوونی خودی دیاریکرا ودابەشکرا بەسەر پێنج تەوەر دا، لەگەڵیدا ڕاپرسییەک کرا کە لە ڕاستگۆیی و جێگیری دڵنیا بوونەوە، دواتر جێبەجێکرا بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە (١٤٩) خوێندکاری کور وکچی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی فەڵەستین لە پارێزگاکانی

کەرتی غەزە، توێژینەوەکە گەیشت بەو دەرەنجامەی کە پلەی بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی فێربوونی خودی لەلایەن خوێندکارانەوە بەرز بوو کە بەهاکەی (٧٨،٥٣) بوو، کە ئەو تەوەرەی لێهاتووییەکانی چارەسەر کێشەکان وبڕیاردانی لەخۆ دەگرت بە پلەی یەکەم هاتن بە ڕێژەیەک گەیشتە (٨٢،٤٥٤)، دوای ئەویش ئەو لێهاتوویانە هات کە پەیوەندیار بوون لە کۆمپیوتەر وئەنتەرنێت بە پلەی دووەم بەرێژەی (٨٠،٥١) ، لەکاتێک دا لێهاتووییەکانی پەیوەندیدار بە چالاکییەکان و ئەزموونەکان لە پلەی سێیەم هاتن بە ڕێژەی ( ٧٨،٦١) و ئەو تەوەرەش کە لێهاتووییەکانی پەیوەندی و پەیوەندیکردنی گرتبووە خۆی بە پلەی چوارەم هاتن بە ڕێژەی (٧٧،٦٢) ، بەڵام لێهاتووییەکانی کتێبخانە وخوێندنەوە لە کۆتا پلە هاتن لە ڕێژەی (٧٤،٩٥)، دەرەنجامەکانیش ئەوەیان پشتڕاست کردەوە کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە پلەی بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی فێربوونی خودی لەلای خوێندکاران لە بەرژەوەندی ئەو خوێندکارانەی کە لە قۆناغی ئامادەکردنی نامەی ماستەرن، هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بوونی نییە لە پلەی بەکارهێنانی لێهاتووییەکانی فێربوونی خودی لەلایەن خوێندکارانەوە بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز ( خوێندکاری کوڕ و کچ)، توێژینەوەکە ڕاسپارەی پێویستی گرنگیدان بە فێربوونی خودی کرد لە خوێندنی باڵا و دەوڵەمەندکردنی کۆرسەکان بە چالاکی فێرکاری کە یارمەتیدەر بن بۆ گەشەپێدانی لێهاتوویی خوێندکاران وچالاککردنی شێوازەکانی ڕاستکرنەوە کە  هاندەرن بۆ ئاڕاستەکردن بەرەو فێربوونی خودی.

## ٣-توێژینەوەی الیاجزی (٢٠١٩) (پاڵپشتی بەکارهینانی زیرەکی دەستکرد لای خویندکارانی خویندنی بالا لە سعودیە)

بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکانی ژیری دەستکرد لە پاڵپشتی فێربوونی زانکۆیی لە سعودییە ڕوونکردووەتەوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە تەواوکردنی نەخشەی توێژینەوەیی لە تەکنەلۆژیای فێرکردن بە تایبەت بۆ ئەوەی سعودییە لە ساڵی ٢٠٣٠ گرنگی بدات بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بواری فێرکردن، ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی ئیستقرائی (ئیندێکتیڤ) بە بەکارهێنانی شێوازی وەسفی شیکاری بەرێگەی شیکردنەوەی تیۆری تایبەت بە زیرەکی دەستکرد، توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام وڕاسپاردە گەیشت، لەوانە پێویستی بەستنی سیمینار وکۆنفرانس و وۆرک شۆپی مەشقی وڕاهێنانی بەشێوەی ئەلیکترۆنی لەو بوارە وچاو خشاندنەوە بە پرۆگرامە فێرکارییەکان بە تایبەت پرۆگرامەکانی ئەندازیاری وبیرکاری وزانستەکان، لەگەڵ ئامادەکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی بۆ دەستەی مامۆستایان و وانەبێژان و خوێندکاران بۆ بەرزکردنەوەی لێهاتووییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد.

**ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە :ڕێبازی توێژنەوەکە: Research Method :**ڕێبازی وەسفی پەیوەندی لە توێژینەوەکەدا بە کارهێنراوە، ئەمەش بەهۆی گونجانی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژنەوەکە.

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: Research Population :

کۆمەڵگای توێژینەوە ئەو کۆمەڵە یان ڕەگەزو یەکەییە کە بابەتی توێژینەوەکە پێکدێنن،دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بەشێکی گرنگ و سەرەکی ئەزموونی توێژینەوەکە پێك دێنێت.(صبحی واخرون،2006: 181) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (-2025

2024) کە بریتیبوون لە (٤٧٣٩) خوێندکار ، خوێندکاران دابەش بوون بەسەر (٦) فاکەڵتی کە بریتین لە فاکەڵتی (پەروەردە - زانست و تەندروستی - ئەندازیاری - زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان – پزیشکی – پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان ) ئەم داتایە بەشێوەی فەرمی لە یەکەی تۆمار زانکۆی کۆیە وەرگیراوە بۆساڵی خوێندنی 2024-2025 هەروەک لە خشتەی ژمارە (1) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە(١) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| ژ | فاکەڵتی | ژ.خوێندکار | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ |
| ١ | پەروەردە | ١٠٩٤ | ٥٦٣ | ٥٣١ |
| ٢ | زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان | ٩٦٣ | ٥١٤ | ٤٤٩ |
| ٣ | ئەندازیاری | ٧٥١ | ٥٠١ | ٢٥٠ |
| ٤ | زانست و تەندروستی | ١٠٥٥ | ٤٠١ | ٦٥٤ |
| ٥ | پزیشکی | ٥٩٧ | ٣١٠ | ٢٨٧ |
| ٦ | پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان | ٢٧٩ | ١١٧ | ١٦٢ |
| کۆی گشتی | | ٤٧٣٩ | ٢٤٠٦ | ٢٣٣٣ |

**نمونەی توێژینەوەکە:- Sample of the Resesrch** : نموونەی توێژینەوەکە بەشێکە لە کۆمەڵگە کە ئەو نمونەیەی لێی هەڵدەبژێردرێت کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات و ئامانج و مەبەستەکانی ئەو توێژینەوەیە بەدیبهێنێت(دیاب،٢٠٠٣: ٩١). دوای ئەوەی توێژەران کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان دەست نیشان کرد بەشێوەیەکی هەڕەمەکی چینایەتی کە بریتی بوون لە خوێندکارانی هەرشەش فاکەڵتیەکەی زانکۆی کۆیە،کە ژمارەیان بریتی بوو لە (450) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ توێژەر نمونەی بنەڕەتی توێژینەوەکەی بە شێوازی هەڕەمەکی چینایەتی گونجاو دیاریکرد، لەبەرئەوەی ژمارەی خوێندکاران بە پێی ڕەگەز و فاکەڵتی هاوتا نین توێژەر ئەم ڕێگەیەی بەکارهێنا بۆئەوەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بگونجێت و نمونەی توێژینەوەکە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێت بەپێی ڕێژەکانیان ، (٢٥٤) خوێندکاریان ڕەگەزی نێر بوون و (٢٤٦) خوێندکاریشیان ڕەگەزی مێ بوون، لەبەر ئەوەی ڕەگەزی نێر ژمارەیان زۆرتر بوو بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٠%) هەروەک لە خشتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (٢) نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ | فاکەڵتیەکان | ژ.خوێندکار | ڕەگەز | ژ.وەرگیراو بە پێی | کۆی وەرگیراو لە فاکەڵتی |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | گۆڕاوی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ١ | پەروەردە | ١٠٩٤ | ٥٦٣ | ٥٣١ | ٥٩ | ٥٦ | ١١٥ |
| ٢ | زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | ٩٦٣ | ٥١٤ | ٤٤٩ | ٥٤ | ٤٨ | ١٠٢ |
| ٣ | ئەندازیاری | ٧٥١ | ٥٠١ | ٢٥٠ | ٥٣ | ٢٦ | ٧٩ |
| ٤ | زانست و تەندروستی | ١٠٥٥ | ٤٠١ | ٦٥٤ | ٤٢ | ٦٩ | ١١١ |
| ٥ | پزیشکی | ٥٩٧ | ٣١٠ | ٢٨٧ | ٣٣ | ٣٠ | ٦٣ |
| ٦ | پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان | ٢٧٩ | ١١٧ | ١٦٢ | ١٣ | ١٧ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | | ٤٧٣٩ | ٢٤٠٦ | ٢٣٣٣ | ٢٥٤ | ٢٤٦ | ٥٠٠ |

**ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری(ئامرازی توێژینەوەکە) Data- Collection Instrument :** بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژنەوەکە وا پێویست بوو توێژەر بۆ پێوانەکردنی (فێربوونی خوودی) و (پیوانەی زیرەکی دەستکر) پێوانەی گونجاو بەکاربهێنێت،لە بەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بە زمانی کوردی توێژەر بە زمانی عەرەبی بۆ پێوانەکردنی فێربوونی خودی و پێوانەی زیرەکی دەستکرد وەرگرت لە (ابومقدم ٢٠٢٤) کە خۆی پێوەرەکەی بونیاد نابوو،و پێوانەکە پێکهاتبوو لە (36) وە بە هەمان ڕێزبەندلیکەرتی (١،٢،٣،٤،٥) پێوانەکە دابەش ببوو بەسەر دوو لایەن کە (١٢) برگە بۆپێوانەی فێربوونی خودی بوو هەروەها (٢٤) برگە بۆ پێوانەی زیرەکی دەستکرد بوو بۆ ئەوەی پێوانەکە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێك ئەنجام درا وەك :

**وەرگێرانی زمانەوانی Transelatiom Validity** :ڕاستگۆیی یەکێکە لە تایبەت مەندییە زانستیەکانی هەر پێوەرێک لە بواری توێژینەوەی زانستیدا تاوەکو ئامرازی توێژینەوەکە توانای پێوانەکردنی دیاردەی باس لێکراوی هەبێت(مصطفى،٢٠٢٢: ٦٤). پێوانەکە پێکهاتبوو لە (٣٦)برگە بەمەبەستی ڕاستگۆی وەرگێران پێوانەکە درا بە چەند شارەزایەکی زمانەوانلەهەردوو زمانی کوردی و عربی هەروەک لەپاشکۆی ژمارە ( ١ )دواتر ڕادەی لە یەك چوونی برگەکان بە ڕێژەی سەدی بۆ برگەکان دەرهێنرا کە ڕێژەی لێکچوونی برگەکان لە( ٩٥% )بوو.

**ڕاستیەتی ڕواڵەتی Face –Validity**

ڕاستیەتیی ڕواڵەت ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئامرازی پێوانەکردن لە ڕووی بابەتییەوە گونجاو، پەیوەندیدار و ڕوون دەربکەوێت واتە هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیانە ئەوەیە کە لەپێناو ئامانجێکی ڕوون و ڕاست ئەنجام بدرێت بۆ دەرهێنانی ئەو جۆرە لە ڕاستگۆیی پشت بە بیر و ڕای شارەزایان دەبەسترێت(رسول،٢٠١٧: ١٤٧). بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەران پەنایان بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان لە بواری پەروەردە و دەرونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پیوانەو هەلسەنگاندن کە ژمارەیان (٨) شارەزا بووهەروەک وەك لە پاشکۆدا(٢ ) ئاماژە بەناویان کراوە،داوایان لێکرا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەرگۆرانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پێی بۆچوونی شارەزایان ڕێژەی ڕێکەوتن لە سەر مانەوەی برگەکان بەم شێوەیە بوو کە برگەکان لە کۆی (36) برگەکان وەك خۆیان مانەوە.

**ڕاستیەتی بنیادنان (Construct validity)** جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕاستیەتی و پشتی پێ دەبەسترێت لە دیاریکردنی ڕاستگۆیی پێوانە پەروەردەییەکان، کەواتە ڕاستگۆیی بونیادنان واتە پەیوەندی نمرەکانی پێوانەکە بە نمرەی گشتی و پێوەرکە. توێژەران ڕاستیەتی بونیادنانیان ئەنجامدا بۆ پێوانەی فێربوونی خوودی و زیرەکی دەستکرد لە سەر نمونەی سەرەتایی خوێندکارانی زانکۆ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥) کە ژمارەیان (٥٠) خوێندکار بوو لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە بەشە جیاجیاکانی فاکەڵتیەکانی زانکۆی کۆیە لە کۆمەڵگەی تویژینەوەکەدا جیا لە نموونەی تویژینەوەکە،دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ پێوانەکردنی زانستە کۆمەلآیەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person)ی لە نێوان برگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە. خشتەی ژمارە (٣) **پەیوەندی هەر برگەیەکی پێوەرەکە بە کۆی پێوەرەکە نیشان دەدات,** لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەندێك لە برگەکانی پێوانەکە پەیوەندییەکی بە هێزیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە هەیە.

**خشتەی ژمارە(٣)پەیوەندی برگەکان بەکۆی برگەکان**

| برگەکان | ب. پەیوەندی | برگەکان | ب. پەیوەندی | برگەکان | ب. پەیوەندی | برگەکان | ب. پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | **٤٣٨ | ١٠ | **٢٨٩ | ١٩ | **٥٢٢ | ٢٨ | *٢٤٦ |
| ٢ | **٤١٨ | ١١ | **٤١٢ | ٢٠ | **٣٤٢ | ٢٩ | **٤١٩ |
| ٣ | **٤٤٥ | ١٢ | **٤٧٤ | ٢١ | **٤٧٠ | ٣٠ | **٣٥٣ |
| ٤ | **٤٢٣ | ١٣ | **٣٥٧ | ٢٢ | **٣٤٦ | ٣١ | **٤٨٢ |
| ٥ | **٣١٦ | ١٤ | **٣٥٤ | ٢٣ | **٣٨٨ | ٣٢ | **٤٧٢ |
| ٦ | **٤٢٨ | ١٥ | **٣٢٢ | ٢٤ | **٢٦٤ | ٣٣ | **٥٨٣ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | **٤٨٣ | ١٦ | **٣٩٤. | ٢٥ | **٤١٤ | ٣٤ | **٣٨٤ |
| ٨ | **٤٠٥ | ١٧ | **٤٧٠ | ٢٦ | ٣٣٢ | ٣٥ | **٤٠٠ |
| ٩ | **٣١٨ | ١٨ | **٤٨١ | ٢٧ | **٣٤٨ | ٣٦ | **٤١٧ |

## دیاری کردنی جێگیری توێژینەوەکە Reliability

**ڕێگای ئەنجامدان و دووبارە ئەنجامدان (Test- retest)** لەم ڕێگەیەدا کاتێک پێوانەکە بەسەر نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکە جێبەجێکرا، دوای ماوەیەک کە لە نێوان (١٥) ڕۆژدابێت، دەبێت جارێکی دیکە بەسەر هەمان نموونە دا دە جێبەجێبکرێتەوە، دواتر بەهای پەیوەندیی لە نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم ئاشکرا دەکرێت، ئەو هاوکۆلکە پەیوەندیەی دەستماندەکەوێت رادەی جێگیری پێوانەکەمان نیشاندەدات، لە هەردوو جاردا دەبێت ئەنجامەکانی نزيك بن لە يەك بەم ڕێگەیە دەگەینە جێگیریەکی تەواو (مخائيل و جاموس، ٢٠٠٧: ٩٢)، جێگیری پێوانەکە بە شێوازی (Test- retest)ئاشکرا کرا، بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٩) پێوانەکە بەسەر (٥٠) خوێندکاری ( فاکەڵتیی پەروەردە - ئەندازیاری ) جێبەجێکرا، کە بەشێک بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و پێکهاتبوون لە رەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٢٣) دوبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نمونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندیی لە نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندیی پێرسۆن (pearson)دۆزرایەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندیی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتییە لە (٠,٩٠) ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆئەوەی کە جێگیری پێوانەکە بەرزە.

**جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە :** توێژەران دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی پێوانەی توێژینەوەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢ تاوەکو ٢٠٢٥/٤/٢٣ کە پێکهاتبوون لە خوێندکارانی هەر شەش فاکەڵتیەکانی زانکۆی کۆیە کە ژمارەیان (٥٠٠) خوێندکاربوو لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەشێوەی هەرەمەکی چینی گونجاو فۆرمەکە دابەش کرا بەسەریان دا بەلام بەهۆکاری پرنەکردنەوەی هەندی فۆرم و نەگەڕاندنەوەی هەندێکیان و هەڵە لە بژاردەکاندا بۆنموونە ئاماژەی بەدوو وەڵام کردوە، بۆیە دوورخرانەوە،بۆیە کۆی گشتی فۆرمەکان کە گەرانەوە لای توێژەران بریتیبوون لە (٤٥٠) فۆرم و کاریان لەسەر کرا.

### خستنەڕووی ئەنجام و شیکردنەوەیان :

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی فێربوونی خودی لای خوێندکاران بە گوێرەی رەگەز.**

بە مەبەستی دەرهێنانی ئاستی جیاوازیی نێوان رەگەزی نێر و مێ، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) دوو نموونەی (Independent samples t-test) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (4) رونکراوەتەوە، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان رەگەزی نێر و مێ هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە ($P\text{-Value}=0.03>0.05$)، هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو بریتییە لە (1.357) بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی (1.960).

**خشتەی (٤): ئاستی فێربوونی خودی لای خوێندکاران بە گوێرەی ڕەگەز (نێر، مێ)**

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| فێربوونی خودی | ڕەگەزی نێر | 252 | 88.36 | 0.74 | ٧,٨١٤ | 0.03 | 1.357 | 1.960 | بەڵگەدارنیە |
| | ڕەگەزی مێ | 198 | 86.66 | | ٧,٣٤٩ | | | | |

Df= 448 N= 450

هۆکاری بەڵگەدارنەبوونی ئاستی فێربوونی خودی بەشێوەیەکی لای خوێندکارانی هەردوو ڕەگەز لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە خوێندکاران گرینگی بە لایەنی خوێندنەوە و زانیاری نوێ نادەن ونەتیا بۆ مەبەستی دەرچوون یان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکان بەشێوەیەکی کاتی لەکاتی پێویستی خۆیاندا، ناچنە ناوقوڵای بابەتەکان و ئاستی ڕۆشنبیریان نزمە و خوێندنەوەی ئەلیکترونیان کەمە ئەمەش وای کردوە دەکرێت بڵێین نەبوونی بەڵگەداری ئاماری بۆ ئەم هۆکارانەی سەرەوە دەگەڕێتەوە،هەروەها ئەمەش پیچەوانەی دەرەنجامی توێژینەوەکانی (فلیت،٢٠١٨) و (اليازجي،٢٠١٩) و (ابومقدم،٢٠٢٤) کە بەڵگەداری ئاماریان هەبووە،هەروەها دەتوانین بە گویرەی تیۆری روجرز بلین کە فیربوونیکی خودی کە بەگویرەی توانای خویندکارو ئاستی خۆیدا دەگونجیت و دەتوانیت لیهاتوویی خۆی وبەرپرسیاریەتی خۆی لە فیربوندا بدۆزیتەوە.

**- زانینی ئاستی فێربوونی خودی بە گوێرەی (شوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خوێندن)**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی شوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خوێندن لەسەر پیوانەی فیربوونی خودی، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way Anova) بەکارهێنرا کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

**یەکەم: شوێنی نیشتەجێبوون:** وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپەکاندا (ناوشار، دەرەوەی شار و هاتووچۆ) نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-value=0.212>0.05).

**خشتەی (٥): ئاستی فێربوونی خودی بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون نیشان دەدات**

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فیربوونی خودی | ناوشار | 150 | 77.18 | 8.215 | 1.633 | 2.212 بەڵگەدار نیە |
| | دەرەوەی شار | 100 | 78.45 | 8.644 | | |
| | هاتووچۆ | 200 | 79.55 | 8.620 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 78.39 | 8.493 | | |

ئەمەش نیشان دەدات بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی فیربوونی خودی بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون رەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو خوێندکارانەی لە ناو شار نین لە داخیلێن بەرپرسیارەتیان زیاترە کاتی ئەویان نییە کە گرنگی بدەن بە فیربوونی خودی بەکارهینانی تەکنەلۆجیا وەک ریگایەکی فیرکاری بکەن. **دووەم: قۆناغی خوێندن:** وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قۆناغەکاندا (دووەم، سێیەم و چوارەم) نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (٠,٩٧٥) کە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری توێژینەوەکە (٠,٠٥).

**خشتەی (٦): ئاستی فیربوونی خودی بە گوێرەی قۆناغی خوێندن نیشان دەدات**

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادنی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فیربوونی خودی | قۆناغی دوو | 152 | ٦٧,٤٧ | ٨,٦٤١ | ٠,٠٢٦ | ٠,٩٧٥ بەڵگەدار نیە |
| | قۆناغی سێ | 111 | ٦٧,٨٢ | ٧,٢٨٤ | | |
| | قۆناغی چوار | 181 | ٦٧,٨٦ | ٧,٠٢٣ | | |
| | کۆی گشتی | 450 | ٦٧,٧٣ | ٧,٥٥٢ | | |

ئەمەش نیشان دەدات کە بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی فیربوونی خودی بەگوێرەی قۆناغی خوێندن،هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوێندکاری قۆناغەکان بەگشتی لە ئاستێکی نزمدایە و رێگا ئەکادیمیەکە زۆر نازانن، هەست بە بەرپرسیارەت ناکەن، هەروەها نەبوونی بەڵگەداری وادەکات بڵێین، لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت خوێندکاری ئێستا و بواری کۆمەڵگەی ئێمە وای کردوە خوێندکار گرینگی بە زانست و زانیاری نەدات، هەر تەنها دێت وانەکەی دەخوێنێت و دەگەڕێتەوە، خۆی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی کە ئێستا لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە هەیە هیچ پاڵنەر و هاندەرێک لەلایەن مامۆستایان نییە، هیچ گۆرانکاری و پێشکەوتنێکی نوێ لە ناو پرۆسەی خوێندن نییە. تەنیا تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەندە زانیاریەی مامۆستا پێی دەدەات، ناچێتە ناو قوڵای بابەتەکان.

**ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی بەکارهینانی زیرەکی دەستکرد لای خوێندکاران بە گوێرەی (رەگەز)** بە مەبەستی دەرهێنانی ئاستی جیاوازیی نیوان رەگەزی نێر و مێ، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) دوو نموونەی (Independent samples t-test) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (8) رونکراوەتەوە، جیاوازییەکی بەڵگەداری

ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.04>0.05)، هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو بریتییە لە (1.389) بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی (1.960

**خشتەی (٧): ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لای خوێندکاران بە گوێرەی ڕەگەز (نێر، مێ)**

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی دەستکرد | ڕەگەزی نێر | ٢٥٢ | 92.44 | 0.84 | 7.918 | 0.04 | 1.389 | 1.960 | بەڵگەدا رنیە |
| | ڕەگەزی مێ | ١٩٨ | 90.65 | | 7.896 | | | | |

Df= 448 N= 450

زانینی ئاستی بەکارهینانی زیرەکی دەستکرد بە گوێرەی (شوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خوێندن)بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی شوێنی نیشتەجێبوون و قۆناغی خوێندن لەسەر پیوانەی فیربوونی خودی، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way Anova) بەکارهێنرا کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوون: **یەکەم: شوێنی نیشتەجێبوون:** وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپەکاندا (ناوشار، دەرەوەی شار و هاتووچۆ) نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-value=0.202>0.05)

**خشتەی (٨)ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون نیشان دەدات**

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فیربوونی خودی | ناوشار | 150 | 72.20 | 8.314 | 1.633 | 2.212 بەڵگەدار نیە |
| | دەرەوەی شار | 100 | 76.65 | 8.755 | | |
| | هاتووچۆ | 200 | 74.75 | 8.832 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 74.53 | 8.63 | | |

ئەمەش نیشان دەدات بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون نیە ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەرێتەوە ئەو خوێندکارانەی لە ناو شار نین لە داخیلێن یان هاتووچۆ دەکەن

گرنگی نادەن بە فێربوون و سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا وەک ریگایەکی فیرکاری. **دووەم: قۆناغی خوێندن:** وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکە بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قۆناغەکاندا (دووەم، سێیەم و چوارەم) نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە ئاستی بەڵگەداری بریتییە لە (٠,٩٧٥) کە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری توێژینەوەکە (٠,٠٥).

**خشتەی (٩)ئاستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بە گوێرەی قۆناغی خوێندن نیشان دەدات**

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادنی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فیربوونی خودی | قۆناغی دوو | 152 | 76.70 | 8.733 | 0.028 | 0.975 بەڵگەدار نیە |
| | قۆناغی سێ | 111 | 72.68 | 7.744 | | |
| | قۆناغی چوار | 181 | 71.66 | 7.080 | | |
| | کۆی گشتی | ١٠٠ | 73.68 | 7.852 | | |

**ئامانجی سییەم : زانینی پەیوەندی نێوان فیربوونی خودی وئاستی زیرەکی دەستکرد لای نموونەی توێژینەوە بە گشتی.** بۆ زانین و ئاست و ئاراستەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە (فیربوونی خودی و زیرەکی دەستکرد )کە دەرکەوت پەیوەندی نێوان ئاست و ئاراستەی فیربوونی خودی و زیرەکی دەستکرد دوای بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەییان بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پێرسۆن دەرئەنجامەکان وایان دەرخست کە پەیوەندی هەیە لە نێوان دوو گۆڕاوەکە بە بەهای ( 0.31 )وەک لە خشتەی( 10)هاتووە:

**خشتەی ژمارە(١٠) پەیوەندی فیربوونی خودی و زیرەکی دەستکرد**

| پێوانە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی pearson | ئاستی بەڵگەداری (sig) | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فێربوونی خودی | 450 | 135.45 | 15.20 | 0.31 | 0.003 | 0.05 |
| زیرەکی دەستکرد | 450 | 46.34 | 10.89 | | | |

Df= 449 N=450

توێژەر ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران بە گشتی دەتوانن لەڕێگای فێربوونی خودی سوود وەربگرن و بتوانن لایەنی زانستی و فێربوونیان بەهێزبکەن هەروەها هەبوونی زیرەکی دەستکرد وادەکات زیاتر خوێندکاران سوود مەند و ئاسانتر زانیارییەکانیان دەست بکەوێت،هەروەها بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە کاریکردوەتە

سەر خوێندكاران و وایكردوە كە ئاڕاستەی خوێندكاران بەرەو بابەت و فێربوون باشتر ببێت،دەتوانین بڵێین ئەم ڕێگایە كاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاستی خوێندكاران هەیە و گەشە بەلایەنی زانیاریان دەدات و پاڵیان پێوە دەنێت بۆ زیاتر گرنگیدان بەو بابەتانەی كە وەریدەگرن و فێردەبن.هەروەها ڕەنگە هۆكاری ئەم پەیوەندیە ئەوەبێت كە ئەم جۆری فیربوونە و بەیارمەتی بەكارهینانی زیرەكی دەستكرد یارمەتیدەرە لە سەرنج ڕاكێشانی خوێندكاران و وروژاندن و بایەخدانی بە وانەكەو لایەنی بیركردنەوەیان زیاترو باشتر بوە بۆ فێربوونی وانەكە.

**دەرئەنجام و راسپاردەو پێشنیارەكان:**

١-فیربوونی خودی بەگویرەی گۆراوی رەگەز بەلگەدارنەبوو هەروەها بەگویرەی شوینی نیشتەجیبوون و قۆناغی خویندن بەلگەدارنەبوو.

٢- بەكارهینانی زیرەكی دەستكرد بەگویرەی گۆراوی رەگەز بەلگەدارنەبوو هەروەها بەگویرەی شوینی نیشتەجیبوون و قۆناغی خویندن بەلگەدارنەبوو.

٣-پەیوەندی نیوان فیربوونی خودی و ئاستی زیرەكی دەستكرد بەلگەداری ئاماری هەبوو.

**پێشنیازەكان**

١-داوا لە ئەنجومەنی زانكۆی كۆیە دەكەین كە بتوانیت بەرنامە تەكنەلوجیەكان و ئامرازە فیركارییە ئەلیكترونیەكان بۆ پرۆسەی خویندن پەرەپیبدات بەمەبەستی ئاسانكاری بۆ خویندن و فیربوونی خویندكاران و بەرزكردنەوەی دەستكەوتی خویندن.

٢- گرنگی دانی مامۆستایانی زانكۆی كۆیە بە رۆلی خویندكاران لە پرۆسەی خویندندا بەمەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستی ئەكادیمی خویندكاران و هاندان و پالنەر بۆ خویندكاران و دروستكردنی كەسایەتی سەربەخۆ و بەرپرسیاردروست بكریت

٣- ئەنجامدانی سیمنار لەلایەن مامۆستایان و ستافی ئەكادیمی زانكۆیكۆیە بەمەبەستی ئاشناكردنی خویندكاران بە گرنگی و سوودی فیربوونی خودی و چۆنیەتی بەكارهینانی زیرەكی دەستكرد لە بواری پەروەردەدا.

٤- ستافی مامۆستایان هەولبدەن بۆ زیادكردنی هاندان بۆ فیربوون و دانانی پلانی خویندنی تایبەت لەلایەن خویندكارانەوە بەمەبەستی پشت بەخوود بەستن و زیادبوونی متمانە لای خویندكاران.

**ڕاسپاردەكان :**

١- ئەنجامدانی تویژینەوەیەكی هاوشیوە وەك ئەم تویژینەوەیە بەگویرەی پسپۆری زانستی و ویژەیی و تەمەن.

٢ - تویژینەوەیەكی هاوشیوە بكریت لەسەر نموونەیەكی زیاترو فراوانتر بەراوردكاری لە نیوان خویندكارانی زانكۆكاندا.

٣- تویژینەوەیەك ئەنجامبدریت بەبەكارهینانی بەرنامەی ئەلیكترونی فیربوونی خودی.

**سەرچاوەكان : یەكەم:سەرچاوە كوردییەكان**

١- رزاق،سیبەر رزگار،٢٠٢٣،**کارایی بەرنامەیەکی فیرکاری ئەلیکترونی پیشنیازکراو بەپیی فیربوونی خودی لەسەر دەستکەوتی خویندن و وەرسبونی ئەکادیمی لای خویندکارانی قۆناغی سییەم لەبابەتی ریگاکانی وانەوتنەوە لە فاکەلتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە**،تیزی دکتورای بڵاونەکراوە،بەشی پەروەردەودەرونزانی،زانکۆی کۆیە،هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- رسول،ابراهیم رسول،٢٠١٧، پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی،دەزگای چاپ و پەخشی ناریەن،سلێمانی.

٣-سعید،بەهات عبدالرزاق،٢٠٢٣، **کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجیەتەکانی وتوویژی سوکراتی وکێشە بنێرە لەسەر بیرکردنەوەی زانستی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر و ئاراستە بەرەو وانەی گفتوگۆی ئەکادیمی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە**،تیزی دکتورا ی بڵاونەکراوە،بەشی پەروەردەودەرونزانی،زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق.

## دووەم : سەرچاوە عەرەبییەکان

١- ابو مقدم، رشاعبدالمجيد محمد،٢٠٢٤ ،**درجة استخدام تطبيقات الذكاء الاصطناعي في التعليم الذاتى لدى طلبة الدراسات العليا في الجامعات الاردنية**،رسالة ماجستيرمنشورة،قسم تكنولوجيا التعليم،كلية الادب وعلوم التربوية،جامعة الشرق الأوسط.
٢- الاسطل والاغا، تطوير **نموذج مقترح قائم على الذكاء الاصتناعي و فاعليتة في تنمية مهارات البرمجة لدى طلاب كلية الجامعة للعلوم وتكنولوجيا**،بخان يونس،مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات التربوية والنفسية٢٩(٢)،٢٠٢١.
٣- جامل،عبدالرحمن،٢٠٠٠ ،**التعلم الذاتى بالموديلات التعليمية اتجاهات معاصرة**، دارالمناهج للنشر والتوزيع ،عمان.
٤- حاموس،سهى و العبادلة، **اثر التعلم الذاتي في توظيف مهارات تحاور الالكترونى المتزامن و غير المتزامن لدى طلبة معلم الصف بجامعة تشرين المجلة الاردنية فى علوم التربية**،مجلد ٨ع(١)،٢٠١٢.
٥- حمدان،محمد،٢٠٠٧،**معجم مصطلحات التربية والتعليم**،داركونز المعرفة للنشر والتوزيع.
٦- الحناوي،مجدي،٢٠١٢،**تطويرالحقائب التعليمية من التقليد الى الالكترونية**،جامعة القدس المفتوحة للنشر والتوزيع.
٧- خوالدة،محمد محمود و الاخرون ،١٩٩٧ ،**طرق التدريس العامة** ،اليمن.
٨- الدباغ ،افراح ياسين ،٢٠٠٠،**اثر استخدام المواد البروتوكول التسجيلات التربوية فى اكتساب الطلبة المدرسين بعض المهارات المختبرية وتنمية اتجاهاتهم نحو مادة علوم الحياة**،أطروحة دكتورا غير منشورة،كلية التربية جامعة الموصل،موصل.
٩- الدعجة،طارق ممدوح، **واقع استخدام تطبيق الذكاء الاصتناعي فى العملية التعليمية من وجهة نظر المعلمين فى الاردن**،جامعة الشرق الاوسط،كلية الاداب والعلوم التربوية،الأردن،٢٠٢٤.
١٠-دياب،سهيل رزق،٢٠٠٣،**مناهج البحث العلمي**،غزة،فلسطين.
١١-الرازي،محمد فخري،٢٠٢١، **اعداد كتاب المصاحب الصرفية على اساس التعلم الذاتي لترقية فهم الطلبة فى معهد السلفى بمالانج**،كلية دراسات العليا،جامعة مولانا.

١٢-ربيع، ايمان حامد ، **ايجابيات وسلبيات الذكاء الاصطناعي و التعليم النوعي**، كلية التربية النوعية،جامعة طنطا،مجلة العلمية فى العلوم والفنون النوعية العدد الحادى والعشرون المجلة الثاني عشر،٢٠٢٤.

١٣-الزرقاوي،نادية مصطفى ،٢٠٠٨،**التعلم الذاتي كحل بديل لقصور التدريس الجماعي**،مجلة دراسات نفسية عربية، العدد(١).

١٤-زروفي، فالتة،**دور الذكاء الاصطناعي في تحسين جودة التعليم العالي**،المجلة العربية للتربية النوعية،٤(١٢)١-١٢ ،٢٠٢٠.

١٥-سالم،عبدالبديع محمد،٢٠٢١ **تكنولوجيا الذكاء الاصطناعي**، مطابع المؤسسة الاصلية الاجهزة العلمية ومهمات المكاتب، القاهرة.

١٦-الشامي،احمد يوسف،**واقع استخدام تطبيقات الهواتف الذكية فى العملية التعليمية من وجهة نظر طلبة الدراسات العليا**، فى جامعة الاسلامية للدراسات التربوية والنفسية٤(٢٩)، ٢٠٢١.

١٧-شنين، فاتح، **دور التعلم الذاتي فى تنمية المهارات التدريسية لدى معلمي اللغة العربية بالمرحلة الابتدائية**،جامعة قاصدي مرباح،قسم علم النفس،كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية.،٢٠١٦.

١٨-صبحي والاخرون،٢٠٠٦،**مقدمة في طرق الاحصائية** ،دارالیازوری للنشر والتوزيع.

١٩-الصيفي،عاطف،٢٠٠٩، **المعلم واستراتيجيات التعليم الحديث**، دار اسامة للنشر.

٢٠-العتل،محمد حمد والاخرون،**دور ذكاء الاصطتناعي فى التعليم من وجهة نظر طلبة كلية التربية الاساسية بدولة كويت**،المجلد(١) العدد(١) يناير،٢٠١٩.

٢١-العتل،محمد وابراهيم،عبدالرحمن،**دور الذكاء الاصطناعي فى التعليم من وجهة نظر طلبة كلية التربية الاساسية بدولة كويت**،مجلة الدراسات والبحوث التربوي١(١)، ٢٠٢١.

٢٢-علي،محمد سيد،٢٠١١،**موسوعة المصطلحات التربوية**،دارالمسيرة للنشر والتوزيع،عمان.

٢٣-عواضة،هاشم،٢٠٠٨،**تطوير اداء المعلم كفايات التعليم و التاهيل المتواصل و الاشراف**،.دار العلم للملايين للطباعة و التوزيع.

٢٤-فليت،جمال كامل، **مهارات التعلم الذاتى الازمة لطلبة الدراسات العليا في الجامعات الفلسطينية بغزة في ضوء متطلبات مجتمع المعرفة**،مجلة جامعة الخليل للبحوث،وزارة التربية والتعليم غزة،مجلد ١٠ العدد ٢، ٢٠١٨.

٢٥-قدورى،عمار،٢٠٢٠، **درجة استخدام تطبيقات الذكاء الاصطناعى وعلاقتة بالميزة التنافسية في المدارس الخاصة**،العاصمة عمان،الأردن.

٢٦-مصطفي،محمد فرج، **مجالات استخدام ذكاء**،بحث منشور في مجلة الذكاء الاصطناعي وامن المعلومات،المجلد الثاني،العدد الثالث.،٢٠٢٤.

٢٧-ميخائيل،امطانيوس نايف،٢٠١٦،**بناء الاختبارات والمقياس النفسية و التربوية وتقنيتها**، ،دار الاعصر العلمى للنشر والتوزيع،عمان.

٢٨-الياجزى،فاتن حسن،٢٠١٩،**استخدام تطبيقات الذكاء الاصطناعي فى دعم التعليم الجامعى بالسعودية** ،رابطة التربوين العرب سبتمبر.

**سێیەم:سەرچاوە بیانییەکان**

1- hssane ,awatif mohamde ،1981,**An investigation of the learning projects among adults of high and low readiness for self- direction in learning** ،a dissertation submitted to the graduate faculty in partial fulfilment of the requirements for the degree of doctor of philosophy،Iowa university capstones.

2-Lund ,Abrief,2023, **Review of chat gpt its value and the underlying gpt technology**,preprint university of north Texas.project;chat gpt and its impact on academia،doi،10.

**پاشكۆكان:**

**ناوی شارەزاو پسپۆری بواری زمانی عربی بۆ وەرگێرانی پێوەری فیربوونی خودی و زیرەکی دەستکرد**

| | ناوی شارەزایان | پسپۆری | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| ١- | د. کویان اسماعیل جمعه | زمانی عربی گشتی | زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی عربی |
| ٢- | د.ئالا دارا عبدالمجید | زمانی کوردی /ریزمان | زانکۆی کویە / بەشی کوردی |
| ٣- | د.سەرکەوت گوریل | زمانی عربی /ریزمان | زانکۆی کویە / بەشی عربی |
| ٤- | پ.ی.د. بدرخان مصطفی إبراهیم | ریگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی کۆیە/ بەشی شەریعە |

**ناوی شارەزاوپسپۆرانی بواری پەروەردەو دەرونزانی**

| | ناوی شارەزایان | پسپۆری | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| ١- | پ.د. عمر ابراهیم عزیز | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی پەروەردە و دەرونزانی |
| ٢- | پ.د.مها حسن بکر | دەروون دروستی | زانکۆی صلاح الدین/ بەشی دەروزانی |
| ٣- | پ.د. سلوی حمداین | پیوانەوهەلسەنگاندن | زانکۆی صلاح الدین/ بەشی باخچەی ساوایان |
| ٤- | پ .ی . د.جوان نوری رسول | دەرونزانی کەسایەتی | زانکۆی کۆیە/ بەشی پەروەردە و دەرونزانی |
| ٥- | پ.ی.د.پۆلا عبدالصمد محمود | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی راپەرین / کۆلیژی پەروەردە |
| ٦- | پ .ی . د.ئالان صلاح سعدی | مرۆفناسی | زانکۆی کۆیە/ بەشی پەروەردە و دەرونزانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧- | پ.ی.د. سێبەر رزگار رزاق | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی کۆیە/ بەشی پەروەردە و دەرونزانی |
| ٨- | د.هاژە تەها محمد | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی کۆیە/ بەشی پەروەردە و دەرونزانی |
| ٩- | د.داليا هاشم عتمان | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی کۆیە/ بەشی پەروەردە و دەرونزانی |